ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دەرهێنان و لکاندنی وێنە لە فۆتۆشۆپ.**

نووسەر: Kurdo
@: Kurdboy70@Hotmail.Com

لێرە دا باس لە چەند ڕاهێنانێک دەکەم بە وێنە.کە بریتی یە لە چۆنیەتی دەرهێنانی کەسێک لە وێنەیێک وە دانانی لە وێنەیەکی تر.

هەنگاوەکان

گەر بێتوو وێنەیەکی خۆت هەبێت بتەوێت پاشبنەماکەی بگۆری یەکەم جار دەبێت وێنەکەت بە Photoshop بەکەیتەوە. پاشان دوای هەنگاوەکانی سەر وێنەکان بکەوە..............

گەر نازانی چۆن وێنەکە بە Photoshop بکە یتەوە کەتێک لە نێو فۆتۆشۆپ دا بڕۆ لە File پاشان Open کرتە بکە، پەنچەرەیەکت بۆ دێت وێنەکە هەڵبژێرە دووجار کلیکی بکە سەر یان دیاری بکەو Open کرتە بکە.




1- Zoom tool هەڵبژێرە بۆ گەورەکردن و بچووک کردینی وێنەکە تۆ دەبێت وێنەکە گەورە بکەی.




2- Pen tool هەڵبژێرە بۆ خەت کێشان بەچوارچێوەی کەسەکە.
3- لەسەرەوە ئەوە دیاری بکە دەبێت وەک خاڵی سێیەم بێت



ئێستا دوای گەورەکردنی وێنەکە وە بە ئامرازی Pen tool وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە زۆر بەوردی لە دەوری کەسەکە خەت دەکێشین وەک لە وێنەکە دیارە.

تێبینی/ دەبێت هەموو دەوری کەسەکە خەت بکێشی بۆ نموونە گەر لە کڵاوەکە دەست پێ بکەین دەبێت تا دەگەینە شوێنی خاڵی یەکەم کە دەستمان پێ کرد خەت بە دەوری بکێشین.




4- دوای کێشانی خەت بە دەوری لەلای دەستی ڕاست لە خوارەوە Paths کلیک بکە.
5- کلیک بکە سەر ئەو بازنە خرەیە وەک لە وێنەکە دیارە. بۆ ئەوەی خەتەکە دەبێت بە ڕەش و سپی




6- Edit هەڵبژێرە..
7- Copy كرتە بكە.
ئێستا پاشبنەمایەك بكەوە كە دەتەوێ وێنەی كەسەكەی لێ دابنێی.




8- لە Edit دا کرتە بکە سەر Paste یان Ctrl+v، دەبینین وێنەکە دێتە نێو وێنەی پاشبنەماکەمان.



دوای دانانی وێنەکەمان لە نێو ئەو پاشبنەمایەی دەمان ویست، لە سەر تەختەکلیلی کۆمپیوتەر دا پەنجە دەنێین بە Ctrl+t یان لە Edit دا Free Transform بەم ئامرازە دەتوانی وێنەی کەسەکە بە ئارەزووی خۆت بیگوازیەوە گەورەو بچووکی بکەی.
بۆ دیتنی ئەو هەنگاوانە بە شێوەیەکی جوولاوە و ڤیدیۆیی کرتە
لێرە بکە و پەرگەیەکی بچووك بە قەبارەی ٣٣١ کب دابگرە.

وە بۆ هەڵگرتینی وێنەکە برۆ لە File دا کرتە بکە سەر Save as پاشان وێنەکە بە شێوەی JPEG یان بەشێوەی فۆرماتی BMP هەڵبگرە.

،،،، گەر لە کاتی کارکردنت لەفۆتۆشۆپ هەڵە یەکت کرد دەتوانی لە Edit دا کرتە بکەیتە سەر StepBackward بۆ گەڕانەوە بۆ هەنگاوەکانی پاشتر و چاکردنەوەی هەڵەکان.
کۆتایی.

Dec 2005 31

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت